# مەرجەكانى فرە ژنى لەئیسلامدا

[ kurdish – كوردى – كردي ]


## دكتۆر كەریم ئەحمەد

**پێداچونەوەى:** **پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# شروط تعدد الزوجات في الإسلام

« باللغة الكردية »

الدكتور عبد الكريم أحمد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# مەرجەكانی فرە ژنی لەئیسلامدا

ئیستاش كاتی ئەوە هاتووە باسی ئەوە بكەین كە ئایا ئەم مەسەلەیە (فرەژنی) لە ئیسلامدا هەروا بەبێ مەرجو بێ بەربەستو كۆنترۆڵ بەجێ هێڵراوە یان كۆمەڵێك مەرجو بنەمای بۆ دانراوە .

هەروەكو چۆن دەقێك نییە لە ئایەتو فەرمودە ڕاستەوخۆ كۆیلایەتی قەدەغە بكات ـ بەڵكو زۆر ڕێگای ناڕاستەوخۆی گرتەبەر كە هەمووی دەڕژێتە ئەو دەرئەنجامەی كۆیلایەتی نەهێلێت ـ بەهەمان شێوە قورئان هەندێك مەرجی بۆ ئەو كەسانە داناوە كە دەیانەوێت زیاد لە یەك ژن بهێنن ،ئەگەر بێتو ڕەچاو بكرێن فرەژنی لە بوارێكی زۆر تەسكدا دەمێنێتەوە، هەندێك جاریش چارەسەرەكە بەجێ دەهێڵرێت بۆ كۆمەڵگە كە

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا دێت زۆرێك لەو داب‌و نەریتانە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت .

بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا کە پیاو پێویستی بە منداڵی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئیش‌و کارەکەی بۆبەرێوەببەن، پێویستی دەکرد ئەو پیاوانەی کە دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارن زیاد لە یەك ژن بێنن، بەڵام لە کۆمەڵگەی شاریدا کە زۆری منداڵ ئەرکێکی ئابوری زیاتر دەخەنە سەر خێزان کەم کەس هەوڵ دەدات ژنی تر بێنێت مەگەر ئەو کەسانەی لەبەر یەکێك لەو هۆیانەی لەمەوبەر باسمان کرد بیانەوێت ژن بێنن .

ئەو ئایەتەی باسی فرەژنی دەکات لە قورئاندا ئەمەیە: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ ﴾ [ النساء : ٣] واتە : ئەگەر ترسی ئەوەتان هەبوو کە دادپەروەر

نەبن لەگەڵا ئەو هەتیوانەی لەبەردەستاندان‌و بەخێوتان کردوون ئەگەر بیانخوازن ئەوا ژنی تر بخوازن، لە یەکەوە تا چوار ،بەڵام ئەگەر ترسی ئەوەتان هەبوو دادپەروەر نەبن لە نێوانیاندا ئەوا ئیکتیفا بکەن بە یەك ژن، یان بە کەنیزەك، ئەوە نزیکتر لەوەی کە منداڵتان زۆر نەبێت‌و هەژار نەکەون .هەندێك ﴿ أَلَّا تَعُولُوا ﴾ بەوە تەفسیر دەکەن کە ستەم نەکەن. وە هەندێکی تر بەوە راڤەی دەکەن هەژار نەکەون (بە بۆنەی منداڵ زۆرییەوە) ئەمەش ڕای ئیمامی شافیعی‌و بەیهەقی وزۆرێك لە موفەسیرەکانیش هەردوو تەفسیرەکەیان باسکردووە .

کەواتە لەم ئایەتەوە دوو مەرجمان دەست دەکەوێت بۆ کەسێك بیەوێت زیاد لەیەك ژن بێنێت، یەکەم مەرجی دادپەروەری ودووەم توانای ماددی، یەکەمیان شتێکە لە ئەنجامی مامەڵەوە دەردەکەوێت، بۆیە ئایەتەکە دەفەرموێت: ئەگەر ترسی

ئەوەتان هەبوو دادپەروەر نەبن، واتە هێشتا ئەوکەسە نازانێت ئایا دادپەروەردەبێت یان نا، بەڵام تەنها ترسی هەیە کە ناتوانێت دادپەروەربێت، بەڵام دووەمیان شتێکی بەرجەستەیەو پێش ژن هێنان دەزانرێت .

**فرەژنی و دادپەروەری :**

هەندێك کەس دەڵێن بە رێکەوتو بە شێوەیەکی زۆر دەگمەن لە دونیادا هەڵدەکەوێت پیاوێك بتوانێ لە نێوان دوو ژندا دادپەروەر بێت، تەنانەت خودی پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) نەیتوانیوە ئەو دادپەروەرییە بهێنێتە دی! بەڵگە بەو ئایەتە دەهێننەوە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ﴾ [النساء : ١١٢٩] واتە ئێوە ناتوانن دادپەروەر بن لە نێوان ژنەکانتاندا هەرچەند سوریش بن لەسەری.

واتە قورئان خۆی دەفەرموێت دادپەروەریکردن کارێکی سەختەو مرۆڤ هەرچەند هەوڵ بدات ناتوانێ دادپەروەری رەها بەرپا بکات، بەڵام ئایا ئەمە رێگرە لەبەردەم ئەوەی پیاو زیاد لەیەك ژن بێنێت ؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر چونکە ئەگەر رێگر بوایە لەبەردەم فرەژنیدا قورئان مۆڵەتی بە فرە ژنی نەدەدا . بەڵام قورئان واقعییە و دان بە واقیعدا دەنێت و ڕاستگۆیە لەگەڵا مرۆڤدا ئەویش ئەوەیە کە دادپەروەری ڕەها بەکەس ئەنجام نادرێت چونکە مرۆڤ زۆر جار دەسەڵاتی بەسەر دڵی خۆیدا نییە ، بۆی هەیە لە ڕووی ماددییەوە بتوانێت ئەوپەڕی دادپەروەر بێت بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە نەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات ، ئەوەتا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە ڕووی مامەڵەوە هیچ جیاوازییەکی نەدەخستە نێوان ژنەکانیو لەو لایەنەوە ئەوپەڕی ئیداریو ئەوپەڕی دادوپەروەرر بوو و تا دونیا ماوە کەسێکی تر نایەت شان لە

شانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بدات لە دانایی‌و دادپەروەریدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عائیشەی لە دڵەوە لەوانی تر زیاتر خۆشتر دەویست بۆیە دەیفەرموو : « اللّٰهُمَّ هذا قسمي فيما أملك فلا تؤاخذني فيما تملك ولا أملك )) [أخرجه أبو داود (٢١٣٤) والنسائي (١٥٧/٢) والترمذي (٢١٣/١) والحاكم (١٨٧/٢) وقال صحيح على شرط مسلم] واتە : خوایە ئەمە دابەشکردنمە لەوەی بەدەستی خۆمە و لێم مەگرە لەوەی کەبەدەستی خۆم نییە .کەواتە بێتوانایی لە پەرپاکردنی دادپەروەری ڕەها ڕێگە ناگرێت لەوەی کە پیاوان زیاد لە یەك ژن بێنن ئەگەر هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ بەرپاکردنی دادپەروەری .

پاشان کەس نییە وتبێتی فرەژنی یەکپارچە خۆشی‌و رابواردنە، بەڵکو زۆر جار پڕە لە کێشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبەراورد لەگەڵ سلبیاتی مانەوەی ئافرەتی زۆر بەبێ مێرد هێشتا زیانی ئەم کەمترە، واتە شتەکە بەراوردە لە نێوان دوو حاڵەتدا .

مەرجی دووەم ناراستەوخۆ لە ئایەتەکە وەردەگیرێت ئەویش توانای ماددییە، ئەم مەرجەیان هەر لە سەرەتاوە دەزانرێت و دادگا دەتوانێت بڕیار بدات کە ئەو کەسە دەتوانێت مەسرەفی دوو خێزان بکیشێت یان نا.

هێنانی کەنیزەکیش سودی کەنیزەکەکانی تێدابوو، چونکە تەنها بە هێنانی منداڵ ئیتر فرۆشتنیان حەرام دەبوو وە دەبوا لە ئەستۆی ئەو پیاوە بمێنێتەوە و بە مردنی پیاوەکە یەکسەر ئازاد دەبوون. ئەمەش یەکێك بوو لە ڕێگاکانی ئازادکردنی کەنیزەکەکان.

مەسەلەیەکی تر هەیە کە ڕێگا لە فرەژنی دەگرێتو ناهێڵێ هەروا بە ڕەهایی هەموو کەسێك هەڵسێتو فرەژنی بکات ئەویش بەرهەڵستی ژنی یەکەمە کە خوا وەکو غەریزەیەك لە ژناندا دایناوە حەز نەکەن ژنی تریان بێتە سەر، ئەم

بەرهەڵستكارییە كاریگەرییەكی زۆری هەیە لە سەر كەم كردنەوەی فرەژنی و شتەكە تا ڕادەیەك لە حەزو ویستی پیاو دەردەكاو لە سنووری زەرورەتدا دەیهێڵێتەوە، واتە ئەو بەرهەڵستكارییە كارێك دەكات كە تەنها ئەوانەی بیانوویەكی فیعلییان بەدەستەوەیە بۆ ژنهێنانو ئەوانەی كەسایەتییان بەهێزەو توانای ماددییان هەیە بتوانن ژنی تر بێنن .

لە كۆتاییدا دەڵێم ئیسلام ئاینێكی واقیعییەو چارەسەری واقیعی پێیە بۆ كێشەكانو هەولا بۆ دەستخستنی خۆشی هەردوو دونیای مرۆڤ دەدات. وە ئەوەندە بەسە كە لە دانانی خوایەكی زانای دانای دادپەروەری بە بەزەییە و هەر كەموكورتییەك هەبێت لەبەرپاكردنیدا ئەوە لە كەموكورتی و نەزانیو هەوەسی مرۆڤەكانەوە سەرچاوەی گرتووە نەك لە ئیسلامەوە.

ئەگەر لە مێژوودا پیاوانێك هەبووبن كۆشكەكانیان پڕكردبێت لە كەنیزەك ئەوە لادان بووە لە رۆحی ئیسلامو خراپ سوود وەرگرتن بوە لە ڕوخسەتەكانی ئیسلام وەكو ئەوەی كە كوردێكی عەشایەر دەیكات، دەبینی لە هەموو ئیسلام تەنها ئەوە بەرپا دەكات كە زیاد لە یەك ژن بێنێت، چونكە خوا حەلاڵی كردووە، لەولاشەوە هەرچی حەرام هەیە دەیكات لە ستەمو ماڵی حەرام خواردنو فرۆفێڵاو هتد.. ئایا دەكرێت كردەوەكانی ئەو جۆرە كەسانە بەسەر ئیسلامدا ساغ بكرێتەوە.؟

هەوڵی ئەوروپا بۆ بەرپاكردنی فرەژنی وڕێگری حكومەتی كوردی لە فرەژنی:

دوا وتەم لەم بەشەدا ئەوەیە كە زۆر جار لە ئەوروپاو لە وڵاتانی تر ویستویانە پەنا ببەنەبەر شەریعەتی ئیسلام بۆ

چارەسەرکردنی کێشەی زیادەی ئافرەت، بەڵام قەشە دەمارگیرەکان ڕێگەیان نەداوە، وەکو ئەوەی لە ئەڵمانیا دوای جەنگی جیهانی دووەم حکومەتی ئەڵمانی لیژنەیەکی نارد بۆ ئەزهەر بۆ ئەوەی هەندێك زانیارییان بدەنێ دەربارەی سیستمی فرەژنی لە شەریعەتی ئیسلامدا.

لە ساڵی ١٩٤٩ خەڵکی (بۆن) ی پایتەختی ئەڵمانیا داوایان لە دەسەڵاتدارەکان کرد بەندێك بۆ دەستوور زیادکەن کە ڕێگا بە فرەژنی بدات بۆ چارەسەری کێشەی ئەو زیادەیەی لە رێژەی ژناندا روویدا بوو.

فەیلەسوفو دانیشمەندە رۆژئاواییەکانیش زۆرێکیان دانیان بەوەدا ناوە کەفرەژنی چاکترین تەشریعە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زیادبوونی رێژەی ژنانو ئەوانەی ژنەکانیان توانایان

نەماوە، وەکو فەیلەسوفی ئەڵمانی (شۆبنهاوەر) و (گۆستاف لۆبۆن) و (ئیهرینبل) و (وێستەر مارك) و چەندینی تر .

لە ڕۆژئاوای مەسیحیدا دەوڵەت دەیەوێت پەنا بباتە بەر فرەژنی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زیادەی ڕێژەی ئافرەتان بەڵام دەزگای ئاینی دەمارگیر ڕێگری لێدەکات کەچی لە وڵاتی خۆماندا بە پێچەوانەوەیە: دەزگای ئاینی یارمەتیدەرو ئاسانکەرە بەڵام دەوڵەت ڕێگری لێدەکات ! لە هەردووحاڵەتەکەشدا هەر ئەو ئافرەتانە زەرەرمەندن کە بێوەژن دەکەون یا تەمەنیان تێپەڕیوە یا خەریکە تێدەپەڕێت .

دەبوایە لای خۆمان حکومەت ئەو شتەی بەهەل بزانایەو سوودی لەو هەڵوێستەی ئاین وەرگرتایە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیەو ڕۆڵی ئاینی کاریگەرتر بکردایە لەم بوارەدا

بەڵام بە داخەوە پێناچێت بەرپرسانی لای ئێمە مەبەستیان چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی بێت.

حکومەت وەکو ڕێگە لە فرەژنی دەگرێت و یاسای بۆ دادەنێت بۆ سزادانی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن هیچ هەنگاوێکیش ناگرێتە بەر بۆ ڕێگرتن لە کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران کە لەبەرامبەر هەر گەنجێدا کە دەچێت بۆ هەندەران کچێك هەلی مێردکردنی لە دەست دەچێت و بێ هیوا دەبێت.

من زۆر دەترسم هەندێك لە بەرپرسان حەز بەم وەزعە بکەن (واتە کۆچی گەنجان وزیادبوونی ڕێژەی کچان) بۆ ئەوەی هەلی ڕابواردن بۆ خۆیان زیاتر بێت و ئافرەتی زیاتریان لەبەردەستدا بێت ! . لەمەش زیاتر لەوە دەترسم حکومەت لەم سیاسەتەیدا ئەجندەی جیهەتگەلێکی دەرەکی جێبەجێ بکات، جیهەتگەلێك کە دەیانەوێت لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی فەسادەوە

دووركەوتنەوەی میللەت لە ئیسلام مسۆگەر بکەن ،یان بەرنامەیەك لە ئارادابێت بۆ پاڵنان بە گەنجانەوە بۆ چوون بۆ هەندەران بۆ ئەوەی لەوێ مێشکیان بشۆنەوەو ئەگەر نەشکرێن بە مەسیحی هیچ نەبێت عەقڵییەت وڕەوشت وکەسایەتییان بگۆڕن .

دەبوایە ئەو ئافرەتانەی لەسەر خەتەنە کرنی ئافرەت ئەو هەموو هەرایە دەکەن لەسەر کۆچی گەنجان بیانکردایەو حکومەتیان هان بدایە بەئەرکی بەرپرسیارێتی خۆی هەڵسێت بەرامبەر ئەم کێشەیەی کەڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە.

هەر کەسێك چاودێری وەزعی کوردستان بکات لە مەسەلەی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران بە ڕوونی بۆی دەردەکەوێت کە حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ ڕێگرتن لەو دیاردەیە وەکو ئەوەی شتەکە هیچ پەیوەندی بەوەوە نەبێت و ئەو هیچ

بەرپرسیارێتییەکی نەبێت بەرامبەر داهاتووی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە کە تەنها موڵکی خۆیان نین بەڵکو موڵکی ئەم میللەتەو هیوای دوارۆژین ، وە بە شێوەیەکی تایبەتتر موڵکی ئەو کچانەن کە بە جێیان دەهێڵن.

بەرپرسانی ئێمە خۆیان بەهەر چییەك بزانن خۆیان بە بەرپرس نازانن بەرامبەر ئەم میللەتەو لە خەمی چارەسەرکردنی کێشەکانیدا نین .

لە کۆتایی باسی فرەژنیدا دەڵێین: چەند شتێك گرنگە لێرەدا بیزانین:

یەکەم : ئیسلام داهێنەری ئەم نەریتە نەبووە، بەڵکو لە پێش ئیسلامدا لەناو هەموو گەلاندا هەبووەو بەرەهایی وبە بێ سنوور و بە بێ هیچ ڕێنماییەکی بەرچاو لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵا ژناندا .

دووەم :ئیسلام سنووورداری کردووەو مەرجی بۆ داناوەو ڕێنماییگەلێکی زۆری داناوە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا و تەشریعێکی تێروتەسەلی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە.

سێهەم :هەر مومارەسەیەك کرابێت لە لایەن پیاوەوە کە پێشێلکردنی مافو کەرامەتی ئافرەتی تێدابێت ئەوە ئەو کەسانە خۆیان لێی بەرپرسیارن نەك ئیسلام.